# "له پۆستخانەدا"

نووسین: ئانتوان چۆخۆف

و: کامیل نەجاری

چەند رۆژێك لەمەوبەر، هاوسەرە جوان و لاوەکەی "سلادکوپرتسۆف" سەرۆکی پۆستخانەی شارمان بە خاك سپارد.

پاش رێورەسمی بە خاك سپاردنی ئەو جوانە، بە پێی داب و نەریتی باب و باپیرانمان، لە کۆڕێکی ماتەمین کە هەر بەم بۆنەیەوە لە ناو بینای پۆستخانەدا پێکهاتبوو، بەشداریمان کرد.

کاتێك بلینییان هێنا (بلینی جۆرێك نانی خڕ و ناسکە کە هەویرەکەی لە ئارد و شیر و شەکر و هێلکە دروست دەکرێ)، پیرەپیاوی ژن مردوو، بەکوڵ گریا و وتی: کاتێك سەیری ئەو بلینیانە دەکەم، ژنەکەمم دێتەوە یاد... فەقیرە هەر وەك ئەو بلینیانە نەرم و ناسك و جوان بوو... هەر وەك بلینی!

چەند کەسێك سەریان بۆ لەقاند و وتیان: پیاو هەق بڵێ ژنەکەتان بەراستی جوان بوو... ژنێکی پلە یەك!

ـ بەڵێ ئەوەندە جوان بوو کە هەموو کەس بە دیتنی سەرسام دەبوو... بەڵام بەڕێزان، وا مەزانن تەنیا بۆ هۆی جوانی و خۆش مەشرەبییە مەلەکووتییەکەی خۆشم دەویست. نا! لە جیهانێکدا کە کە مانگ تریفەی داوێتێ، ژنەکانی تریش ئەو دوو تایبەتمەندییەیان هەیە... ئەوم بە هۆی تایبەتمەندییەکی رۆحیی تر خۆش دەویست. بەڵێ، خوا لێی خۆش بێ... دەزانن: ئەگەرچی ژنێکی خۆش مەشرەب، ئازا، قسەخۆش و بەناز بوو سەرەڕای ئەوانەش بە من وەفادار بوو. گەرچی من ئەوا خەریکە ٦٠ ساڵ تەواو دەکەم بەڵام ژنە ٢٠ ساڵەکەم قەت قاچی خوار دانەدەنا. هەرگیز خەیانەتی بە مێردە پیرەکەی نەکرد!

شەماسی کلێسا کە لە ناو کۆڕی ئێمە دا خەریکی ئاخنینی زگی بوو بە کۆکەیەك و حەیەحەیەکی خۆش ئاواز، گومانی خۆی دەربڕی. سلادکوپرتسۆف رووی تێکرد و پرسی:

ـ کەواتا ئێوە بڕوا بە قسەکانی من ناکەن؟

شەماس بە هەست کردن بە شەرمەزارییەوە وەڵامی داوە:

ـ نەك ئەوەی بڕوا نەکەم بەڵام ... لەم رۆژگارەدا ژنە لاوەکان زۆر سەرەڕۆ بوون و لاسایی ئەورووپا دەکەنەوە... سۆسی فەرەنسی و ... لەو جۆرە قسانە...

ـ ئێوە گومان دەکەن بەڵام من دەیسەلمێنم! من بە پشتبەستن بە چەندین شێوازی ستراتیژیك، هەستی وەفاداریی ژنەکەمم وەك بینا سەربازییەکان بەهێز دەکرد. بەو کردەوانەی من و بەو فێڵ و تەڵەکانەی کە بەکارمدێنان، مەحاڵ بوو بتوانێ بە شێوەیەك خەیانەتم پێ بکات. بەڵێ بەڕێزان، من فێڵم دەکرد بۆ ئەوەی

ژیانی هاوبەشم لێ تێك نەچێ. تێدەگەن؟ من وشەگەلێك دەزانم کە وەك "ناوی شەو"ن. هەر ئەوەندە بەسە ئەو وشانە بێنمە زمان بۆ ئەوەی بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە سەر بخەمە سەر سەرین و لێی بخەوم...

ـ مەبەستتان کام وشەگەلە؟

ـ وشەگەلێکی زۆر سادە و ئاسایی. تێدەگەن؟ لە ناو شار دا دەنگۆی خراپم بڵاو دەکردەوە. هەڵبەت ئێوە بە تەواوی ئاگاداری ئەو دەنگۆیانە هەن. بۆ وێنە دەگەیشتمە هەر کەسێك دەمکوت: "ژنەکەم لەگەڵ ئیوان ئالێکسیچ زالیخواتسکی واتا لەگەڵ سەرۆکی دایرەی پۆلیس دەستی تێکەڵ کردووە و بۆتە دۆستی ناوبراو"

هەر ئەو کورتەیە خەیاڵی منی ئاسوودە دەکرد، لە پاش وەها دەنگۆیەك، پیاوم دەویست بوێریٚ خراپ سەیری ئالێنا بکا. لە سەرانسەری شارەکەمان دا کەسێکم پێشان بدەن کە لە تووڕەیی زالیخواتسکی نەترسێ. پیاوەکان هەر لەگەڵ ژنەکەم بەرەوڕوو دەبوون، بە خێرایی لێی دوور دەکەوتنەوە نەوەك سەرۆکی پۆلیس رقیان لێ هەڵگرێ. ها ـ ها ـ ها! ئاخر هەر کەس لەگەڵ ئەو مل ئەستوورە تەڕەف بێ چارەڕەش دەبێ! لە چاوتروکانێکدا پێنج فایلت لەسەر ساغ دەکاتەوە. بۆ وێنە دەزانێ پشیلەی کەسێك ناو بنێ "چوارپێی سەرگەردان لە ناو کۆڵان دا" و هەر بەو ناوەشەوە دۆسیەیەك بۆ خاوەنی پشیلەکە ساز بکات.

هەمووومان بە سەرسوڕمانەوە پرسیارمان کرد:

ـ کە واتا ژنەکەت دۆستی زالیخواتسکی نەبوو؟!!

ـ نا. ئەمە هەر ئەو فێڵەیە کە باسم کرد. ها ـ ها ـ ها! ئەوە هەر ئەو کڵاوەیە کە لە سەری ئێوە لاوەکانم دەنا!

نزیك بە سێ خولەك لە بێدەنگییەکی موتڵەق دا تێپەڕی. دانیشتبووین و بێدەنگ بووین. لە کڵاوێکی فش و فۆڵ کە ئەو پیرەپیاوە لە سەرمانی نابوو دڵگیر و شەرمەزار بووین. سەرئەنجام شەماس هاتە قسە و وتی: ئیشەڵڵا دیسانیش ژن دێنی!!

شەماس: خزمەتکاری کلێسا کە یارمەتیی قەشە یا ئۆسقۆف دەدات